مێژووی
ڕۆژنامەگەریی کوردی
لە شاری چەمچەماڵ
١٩٤٢-٢٠٢٠



گۆران سەلام محەمەد

33519

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناسنامەی کتێب

نووسەر: گۆران سەلام محەمەد

کتێب: مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە شاری چەمچەماڵ ١٩٤٢ – ٢٠٢٠

دیزاینی ناوەڕۆک: هەڵمەت هۆشیار

دیزاینی بەرگ: ئەحمەد بابا

تایپ و زمانەوانی: نووسەر

چاپخانە: ناوەندی سارا

شوێن: سلێمانی

ساڵی: ٢٠٢١

چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٦٢٧)ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆک

پێشکەشە
سوپاس و پێزانین
لیستی کورتکراوەکان
پێشەکی
پوختە
قۆناغەکانی پرۆژنامەگەریی لە شاری چەمچەماڵ
قۆناغی یەکەم ١٩٤٢ – ١٩٩١
قۆناغی دووەم ١٩٩١ – ٢٠٠٣
قۆناغی سێیەم ٢٠٠٣ – ٢٠٢٠
کۆمەڵگەی چاپخانەکانی داودی
ڕاسپاردە
لیستی سەرچاوەکان
سوپاس و پێزانین
نووسەر لە چەند دێڕێکدا

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

بێگومان سەرەتای دەرکەوتن و نیشتەجێ بوونی ئەو ڕەگەزانەی، کە کوردی ئێستای بۆ دەگەڕێتەوە لەسەر ئەم هەسارەیە و لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بۆ سەردەمێکی لە مێژینە دەگەڕێتەوە، وەک نەتەوە و ئیتنیک کورد مێژووەکەی بۆ کۆنترین ئەو ڕەگەزانە دەگەڕێتەوە، کە لە مێژووی کۆندا لەم ناوچەیە نیشتەجێ بوونە.

ئەوەی لای ئێمە گرنگە ڕەوتی نووسینە لە نێو کورددا و مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی یە، بە ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە نێگەتیڤانەی بەردەوام لە نێو کورد دا بوونی هەبووە، لە زۆربەی قۆناغەکانی پێشتردا کورد نەیتوانیوە هاوشانی نەتەوەکانی تر خاوەنی مێژوونووس و ڕۆژنامەی پێویست و ڕۆژنامەنووس و نووسەری خۆی بێت، هەمیشە بەشێکی زۆر لە مێژووی کورد لەلایەن کوردناس و ڕۆژهەلاتناسەکانەوە نووسراوەتەوە، زۆرجاریش مێژوونووس و لێکۆڵەر و دیبلۆماتکار و گەڕیدە و ڕۆژنامەنووسانی بیانی ڕەوتی ئابووریی و کۆمەلایەتیی کوردستانیان شرۆڤە کردووە.

لەسەر ئاستی ڕامیاریش ئەم بۆچوونە وەڕاست دەگەڕێ، چونکە لەم ڕووەشەوە کورد لە چاو نەتەوەکانی دیکەدا، کەمتر پشتی بە نووسین و ڕێکەوتننامەی سەر کاغەز و بەڵگەنامە بەستووە، زۆرجار گرنگترین بابەتی چارەنووسسازی کورد بە گفتوگۆ و ڕێکەوتنی زارەکی کۆتایی پێهاتووە، کە لە گۆڕەپانی ڕامیاریدا بەتایبەت لە ناوچەیەکی جوگرافیی دژواری وەک کوردستاندا کە زۆر جار داگیرکەرانی کوردستان لە ڕێکەوتنی نووسراویش پەشیمان بوونەتەوە چ جای ئەوەی بەڵگەی نووسراویش لە بەردەستدا بوونی نەبووبێت.

بۆیە کورد نەیتوانیوە بە باشی مێژووی خۆی بنووسێتەوە، دەبینین لە سەدەی شازدەدا شەرەفخانی میر و میژوونووس بوونی هەبووە، کە شەرەفنامەی نووسیوە و یەکێکە لە پەرتووکە بە نرخەکانی بارودۆخی ڕامیاریی و کۆمەلایەتیی ئەوکاتی ژیانی کورد، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئایا بوونی یەک مێژوونووس لەو سەردەمەدا مانای تەواو بە بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەلایەتی ئەو کات دەبەخشێت؟ یاخود شەرەفخان توانیویەتی تەواوی مێژووی سەردەمەکەی خۆی و پێش خۆی بنووسێتەوە؟ ئایا مێژووی کورد لە

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێش شەرەفخاندا لەلایەن کێ وە نووسراوەتەوە؟ ئایا لە دوای شەرەفخان تاکو سەدەی بیستەم چەند مێژوونووسی کورد دەرکەوتوون؟

بۆیە لەو باوەڕەداین، کە کورد وەک نەتەوە بەشێوەیەکی گشتی بە تایبەتی تا سەدەی بیستەم نەیتوانیوە مێژووی خۆی بنووسێتەوە، لێرە و لەوێ و بەشێوازی پچڕپچڕ و نازانستی بەشێکی کەمی مێژووەکەی نووسیوەتەوە، هەربۆیە نووسراوەکانی کوردناس و ڕۆژهەڵاتناس و نامە و بەڵگەنامەی جەنگی و نووسراوی وەزارەتەکانی دەرەروە و ناوخۆی عوسمانی، سەفەوی - قاجاری، ڕووسی، ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی... هتد باس لە بەشێکی زۆری ژیانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و جوگرافیی ئەم ناوچەیە دەکەن و بوونەتە گەنجینیەیەک بۆ زۆرینەی ئەو لێکۆڵەرانەی کە لە هەرێمەکە لەم بوارانەدا لێکۆڵینەوەیان کردووە و دەکەن.

سەبارەت بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی، ئایا هاوشانی نووسینەوەی مێژوو، ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەگەری کوردیی لە چ ئاستێکدا بووە؟ ئایا کورد توانیویەتی لە سەردەم و بارودۆخی گونجاودا خاوەنی ڕۆژنامەی پێویست بێت؟ ئایا ڕۆژنامەکانی سەدەی بیست توانیویانە پێداویستی خوێنەری کورد پڕ بکەنەوە؟ ئایا توانیویانە بارودۆخی ژیانی کورد و دۆزە ڕەواکەی بە جیهانی دەرەوە ئاشنا بکەن؟ ئایا ڕۆژنامەکانی سەدەی بیست توانیویانە ببن بە سەرچاوەیەکی باش بۆ توێژەرانی کورد لە ئێستادا؟ ئایا بۆچی بەشێکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان ناتوانن بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ بەردەوام بن؟ ئەمانە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە ئایا کۆمەڵگەی کوردی تا چەند خوێنەری ڕۆژنامە بووە و پشتی پێ بەستووە و لای بووە بە کلتوور؟

ئەوەی پێویستە ئەنجامی بدەین، ئەوەیە کە هەمیشە بەبێ کاریگەری هیچ ئایدۆلۆژیایەک ڕاستی بێکەین و بە خاڵی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی مێژووی کورددا بچینەوە و تەواوی کەڵێن و شکست و هۆکارەکانی پاشەکشی بوونی کورد لە مێژوودا شرۆڤە بکەین، بۆیە خزمەتکردنی خاک و نیشتمان و کتێبخانەی کوردی بە ڕەخنە و دانان بە ڕاستیەکاندا دەکرێت، نەک پیاهەڵدان، ئەگەر لە دوای هەر نوشستێک لە مێژووی کورددا دان بە هەڵەکاندا بنرایە، ئەوا بەشێکی زۆری هەمان ئەو هەڵانە لە قۆناغی دواتردا دووبارە نەدەبوونەوە.

بۆیە کورد هاوشانی نەتەوەکانی ڕۆژئاوا و تا ڕادەیەکیش دراوسێکانی نەیتوانیوە وەک پێویست خاوەنی ڕۆژنامە بێت، هەمیشە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان هەر لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ەوە ٢٢ی ئەپریلی ١٨٩٨ەوە بگرە کەمیان نەبێ زۆربەیان نەیانتوانیوە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامبن، بەشێک لە هۆکارەکانی

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بەردەوام نەبوونی ئەم رەوتە ئەوەیە، کە سیاسەتی داگیرکاری لەمپەر بووە، چونکە لەگەڵ سیاسەتی نەواندا یەکی نەدەگرتەوە، حکومەت و رژێم و دەسەلاتە یەک لە دوای یەکەکانی تورک و فارس و عەرەب لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، هەمیشە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم هەر کرانەوە و پێشکەوتنێکی کورد دا.

کوردیش زیاتر لە گەلانی دراوسێی ململانێی ناوخۆیی تێدا بووە، کلتووری یەکتر قبوڵنەکردنی زۆرتر بووە، کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی و دواکەوتوو بووە نامۆ بووە بە زانست و زانیاری و نووسین و پێشکەوتن، درەنگ چینی ناوەندی تێدا دەرکەوتووە، تا درەنگ چینی ناوەند و رۆشنبیر نەبوونە خاوەن بڕیاری سیاسی لە کاتێکدا میرێک یان سەرەکخێڵێک دواتریش شێخێک گوزارشتی لە تەواوی کایەکانی ژیاریی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و رۆشنبیریی کردووە، بۆیە ناساییە نەگەر نەو گەلە قۆناغەکانی هۆشیاری و نووسینی درەنگ تێدا دەرکەوتبێت.

بەڕادەیەک زۆرجار هۆکاری دەرەکیش لە هەناوی هۆکاری ناوخۆوە سەرچاوەی گرتووە، واتە تا نەو کاتەی کورد تەواوی خاڵە لاوازەکانی خۆی پێشکەش بە داگیرکەر نەکردبێت، هەرگیز داگیرکەر نەبووە بە هۆکاری سەرنەگرتنی هیچ خواستێکی کورد.

لە ئەمڕۆشدا ڕاگەیاندن بە گشتی بە هەموو لقەکانییەوە، ڕۆڵ و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەوڵەتان و کۆمەڵگەکان و سیاسەتی دونیا هەیە، رۆژنامەش لە ڕابردوودا ڕۆڵی گرنگی خۆی هەبووە و تا ئێستاش ڕۆڵی خۆی هەر هەیە، هەرچەندە بە هۆی پێشکەوتنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، وەک دروستبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەمەچەشن بوونی نەو میدیایانە ڕۆڵی گرنگی رۆژنامەی کەمتر کردووەتەوە، جگە لە بوونی تەلەفزیۆنە ناوخۆیی و ئاسمانییەکان و ڕادیۆ، بەڵام هێشتا رۆژنامە ڕۆڵی خۆی هەر ماوە، ئیستاش یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکان بۆ تۆێژەرانی بواری ڕاگەیاندن، یەکێکە لە سەرچاوەکانی تۆمارکردنی ڕووداوە جیاواز و جۆراوجۆرەکان لە سەرانسەری دوونیادا تۆێژەران بۆ تۆێژینەوەکانیان پشتی پێ دەبەستن رۆژنامەش بە گۆێرەی شوێن، مەودای بلاوکردنەوەی، زمانەکەی، تیراژ، کوالێتی، سیاسەتەکەی، خوڵ رۆژنامەکە و ماوەی دەرچوونی گۆڕاوە و دەگۆڕێت.

دیارە نووسینەوەی منزووی رۆژنامەگەری ناوچەی چەمچەماڵ کارێکی ئاسان نەبوو، لەبەرئەوەی لەگۆ نزیکەی سەد رۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە تەنها چەند دانەیەکی کەمیان نەبێت کە لە پەنجەکانی دەس تێپەڕناکەن، تەواوی ئەوانی دیکە ئەرشیف نەکراون و نەپارێزراون، بە جۆرێک لەلای خودی ئەو دەزگ

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library